السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئەگەر خوای گەورە داواکردنی ئافرەتێکی خستە نێو دڵی پیاوێکەوە؛ ئەوا ئاساییە سەیری (ئافرەتەکە) بکات

له موحەمەدی کوڕی مەسلمەوە دەڵێت: چوومە داوای ئافرەتێک، خۆم شاردەوە لە نێو هەندێک دارخورما کە ئەو خاوەندارێتی دەکرد، بە (ئیبن مەسلەمە) ووترا: چۆن ئەمە دەکەیت لەکاتێکدا تۆ هاوەڵی پێغەمبەری خودایت -صلى الله عليه وسلم-؟ ئەویش (ئیبن مەسلمە) ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر خوای گەورە داواکردنی ئافرەتێکی خستە نێو دڵی پیاوێکەوە؛ ئەوا ئاساییە سەیری (ئافرەتەکە) بکات».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: موحەمەدی کوڕی مەسلمە -ڕەزای خوای لێبێت- ویستی بچێتە خوازبێنی ئافرەتێک، بۆیە خۆی شاردەوە بۆئەوەی سەیری بکات، پیاوێک لە تابیعین بینی؛ ئەم کردەوەی ئیبن مەسلەمەی بە لاوە سەیر بوو، ئەویش (ئیبن مەسلەمە) پێی ووت کە ئەم کردەوەیە فەرمانی پێغەمبەری خودایە -صلى الله عليه وسلم-: ئەگەر کەسێک ویستی بچێتە خوازبێنی ئافرەتێک وخوای گەورە مارەکردنی ئەو ئافرەتەی خستە نێو دڵیەوە؛ ئەوا با سەیری ئافرەتەکە بکات، ئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سونەتە سەیری ئەو ئافرەتە بکرێت کە پیاو دەیەوێت مارەی بکات ئەگەرچیش ئافرەتەکە ئاگای لێ نەبێت، وئەگەرچیش پیاوەکە ناچار بوو خۆی بشارێتەوە بۆ سەیرکردنی، ئەمیش تەنها (دروستە لە حاڵەتی پێویستدا (ئەگەر بیەوێت خوازبێنی ئافرەتێک بکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58063

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee